# پێشانگەیەکی تایبەت بۆ هونەرمەندی شێوەکار (فائیق ڕەسوڵ) لە ڤیەننا !

**دانا سەعدی / نەمسا**



پاش ئەو پێشانگە هاوبەشەی لە مانگی مارتی ئەمساڵدا لەلایەن هونەرمەندان (دارۆ وفائیق) ،بەهاوکاریی مەڵبەندی کوردیی بۆ ڕێزلێنان لە هونەرمەندی کۆچکردوو (جەزا فەریق ) سەرکەوتووانە، بەڕێوەچوو. بڕیارە لەم مانگەشدا پێشانگەیەکی تایبەت بۆ هونەرمەند(فائیق ڕەسوڵ) لە شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا بە هاوکاریی مەڵبەندی کوردیی ، بکرێتەوە .

مایەی ئاماژە پێکردنە ،ئەم پێشانگەیە دەبێتە شازدەهەمین پێشانگەی تایبەت بۆ هونەرمەندی شێوەکار (فائیق ڕەسوڵ) ،کە تیایدا چەندین تابلۆ نمایش دەکرێن.





جگە لەم پێشانگە تایبەتیانەش ، (فائیق ڕەسوڵ) تاوەکو ئەمڕۆلەگەڵ دەیان هونەرمەندی کورد وبیانی لەسەر ئاستیی نەمسا و وڵاتانی دیکە لە زۆر پێشانگەی هاوبەشدا بەشداری کردووە ،کە شاکارەهونەریەکانی هێمان بۆ توانا وسەلیقەی داهێنان لەبواری هونەریی شێوەکاریدا.

ئەم پێشانگەیە لە یەکێک لە گەلەریە بەناوبانگەکانی شاری ڤیەنا لە ڕۆژی چوارشەممە 05.04.2006 لە کاتژمێری 19:00 لەلایەن بەڕێز(Dr. Waltraud Schwarzhappel ) دەکرێتەوە.

تاوەکو ڕۆژی هەینی 28.04.2006 بەردەوامدەبێت.

هەموو ڕۆژانی هەفتە ،واتا لە دووشەممەوە تاوەکو هەینی لە کاتژمێری 14:00 بۆ 18:00 پێشانگەکە کراوەیە.

هاتن بۆ هەمووانە !

شوێن : Galerie Rienoessl, Nußdorferstraße 53
1090 Wien

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونەوە !
0676/93 66 217
یان بەم ئێمایل ئەدرێسەوە !
www.rienoessl.at